كوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەكی ئەلكترۆنی كشتی سەربەخۆی كوردیە
www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 9:16 2007-5-21

# یەكەم بەرد... سوارە قەڵادزەیی

"دوعا"؟... كە یەكەم بەردیان
ئاراستەكردی
یەكەم نوسراوی "جنێڤی" مافی مرۆڤیان
شەر مەزاركرد
یەكەم ئازار لە جەستەت هەستا
یەكەم پەرەی هەرچی گاتای نوسراوەیە
سوتێندرا...
لەگەڵ هەر شۆرابە خوێنێكی جەستەت
بەرماڵێك و میحرابێك و جبەیەك
لە نوێژ چوون... دوعا ... !!؟
بوونی تۆ بونی سومبولە پاكیزییەكانە...
لافاوی قینی دەریا و پاكی نەورەسەكانە... !!
سەرهەڵدانی تۆ تراژیدیای ریفۆرمێكی "لۆتەریە" 1
مەرگی تۆ مەرگی ڤیساغۆرس و "جان هس"2 و "ویكلفە"3
بەدنیا هاتنی تۆ تەقینەوەكانی كانی مورادە...
لەناو جەنگەڵی وەحشستانەكان... !!
گوڵە لەناو باخچەی پیرەژن و قەیرە كچ و
بێوەژنەكانە ئەنفالدا...
نامەی پێغەمبەری عاشقە دڵبریندارەكانە...
بە دەست عەدەمی دەسەڵاتی دارستانەوە... !!
مەرگی تراژیدیای تۆ...
پاكیزە تر و خاوێنتر لەشەو
"دوعا" تۆ كە هاتیتە دنیا
لە رەحمی میهرەبانی خودایی لە دایك بویت...
ئەی تروسكەدارتر لە سۆز...
فیداكاری تۆ...
هەڵبرینی تەلبەندی ئەودیو
دەرگا رەشە داخراوەكانە
تۆی فیداكارتر لە نیشتمان
ئەی ئەو پەیامبەرەی
بووی بەرۆمانی
مردنی وەنەوشەیی
میهرەبانی

---

[1]. لۆتەری – زانایەكی ئەڵمانی ریفۆرم خوازی ئایینیە,
[2]. جان هس - زانایەكی ئەڵمانی ریفۆرم خوازی ئایینیە,
[3]. ویكلفە - زانایەكی ئەڵمانی ریفۆرم خوازی ئایینیە پێش لۆتەری.

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئەفسانەی ئەوین
ڕێگای دەیجورت
پڕ کردووە لە نور
ژیانت کردەوە
بە بەرئاهەنگی شەوی یەڵدا ... !!
###
ئەی "دوعا"
تۆ پەیامە پێغەمبەریەکەت گەیاند ...
تۆ بویت بەخواوەندی شیعر... !!
با دەوارێك لە ژێر ئاسۆگەی
ئەم خوێنرشتنە هەڵدەین... !!
داستانی ئەویندار مێژووی مرۆڤـ
بۆ یەکتر تۆمار بکەین... !!
مێژووی قێزەوەن پڕ لەشەرمەزاری
خیانەت و درۆ و خوێنرشتن... !!
ئەوە تۆیت لەبەردەم
ئەم مێژووە ڕەشەدا
دەبیتە عارف، باڵادەکەی
لەم شەوی یەڵدایەدا...
شەوی دیداری خودایی... !!
###
لە شەوێکی ئەنگوستە چاوی
ساردو سڕدا... !!
پڕ لە ئەستێرەی نوستو...
لە شەوی تاریك و نوتەکی سەر ڕێژ
لە لەخۆبایی بێدەنگی
ئەو کاتەی ڕەنگە ئەزەلیەکانی یەزدان
تێکەڵ بەسام و هەیبەتی تەجەللی
نەبوو بوون...
خودا لەوساتەدا
سەرسام لە شکەنجەی وەحشیانە...
لە ئازاردانی ڕۆحە فیردەوسیەکان... !!
کە عەقڵی عەدەم
لە ژێر ڕەشماڵی جبەی باوەردا...
کازیوە باقو بریقی بوو...
مەلەکوتی ئاسمانەکان... !!
لەزریکە و هاواری پەریزادێك

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دادەچڵەکین... !!
مەزارگە و ئەڵتارەکان
سرو حەیران... !!
دەمیان گۆی نەدەکرد
ڕەوە گورکێك
تینوی خوێن...
کەڵبەیان گیرکردبوو
لە گۆناشەقار شەقاربوەکەی "دوعا"
جەستە ناسکەکەی دەم بەردو
دارو شمشێرو چەقۆ... !!
مەرگ بووبە دێوەزمەیەکی کەللەپوت
کەوتبوە کرماندنی پەنجە ناسکەکانی
"دوعا".
"دوعا"ی پەری... !!
ئەوکاتە چرکە سەرگەردانەکانی ویژدان... !!
چرۆی هیوانێرگزیەکان...
لەم سەر زەمینە زێرانەدا... !!
هەناسەیەکی ئاسودەییان
هەڵنەمژی بوو... !!
ئەو ڕۆژە بەژن و باڵای مەعریفە
دەستی لەکەمەری ڕیسوایی
بەتاڵبوونەوە بەردابووەوە...
ئەو ڕۆژە...
کە جەستە ئاڵتونیەکەی "دوعا"
چاوە پڕ لە نورەکانی "دوعا"
عەقڵە پڕ لە جوانیەکەی "دوعا"
زەردەخەنە خوداییەکەی سەرلێوی
سەنگ باران دەکرا...
ئاگری ئازارو جی زامەکانی "دوعا"
بەردو دارو... دەریا و ویژدانی دەسوتاند... !!
ڕقی ڕیسوابووی جەهل نەبێت... !!
###
ئەو ڕۆژە...
کە ڕۆحی پەپولەیی "دوعا"
بەشیش دار... بلۆك و شمشێر...
لە جەستە نورانیەکەی دابڕا...
خۆر و... ئاگر و... چیا و... بەهار

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

شەرمەزار بوون..
بنەماکانی مافی مرۆڤـ
سەرشۆڕ و بەلۆژە... لۆژ...
بەرەو "جنێڤ"
بارگەو بنەی تێکنابوو... !!
مرۆڤایەتی...
تنۆك... تنۆك...
مرۆڤایەتی لوزە و بەلوزە و...
مرۆڤایەتی... دەریا بە دەریا...
ئابڕو لێدەچۆڕا... !!
بەسەر گومبەزی مەزاری شێخو
منارە و ناقوسی مزگەوت و کڵێسا و
تەکیە و ئاوردوی موغو پەرستگا... !!
###
ڕۆژهەڵاتی ئێمە..
سەر زەوی ئەو پاشایانەی
لە روخساری شووشە شکاوەکانی مێژوو...
لە لیخنی حەوزەکان...
لە کورەی "موغەیری" ئاگر پەرستە
لیوانلیۆ لە نهێنیەکانی ئاوەز... !!
لە نادیاری زەنگی کەڕ بووی
ئەم کلیسای نەریتە ژەنگ گرتووە... !!
لە دینگەی مزگەوتێکی پیرو بەساڵاچوی
بنار لوتکە خۆر نەدیوەکان... !!
لەم مەرقەد و گڵکۆ لێواو لێوە...
لە بۆنی مسك و عەمبەری
کوردەواری مەلەکە تاوس
دەنگێك... ؟
فریاد رەسێك... ؟
دەستێکی نورانی درێژ نەکرد...
لە جێژوانی ئاهورا موزدای ئێزدیان... !!
کە بنەگەی جوگرافیای
دەستەملانی عیشق و ئەوینە
ئاوێك نەکرا بە جەستەی ئەو ئاشقەی
تادوا هەناسەی ئەوین...
مرۆڤ و ئەوینی خۆشویستوە... !!
خاتو زینێکی هەڵکەوتەی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

گوڵزاری "لالش" بووە ... !!
ئەویندارى ئەوینێك بووە ...
گەر ئەوینداریش نەبن ... !!
ئەوین ژۆن لە دایك دەبی ... ؟
###
ئەی خودایە ...
كاتێك خۆت جوانی دروست دەكەی ... !!
كاتێك خۆت لە نوری عیشق و جوانی
ئەزەلی و ئەبەدی بەدیهاتویت
خەڵقندەكانت چۆن ئەویندار نابن ... ؟
كاتێك بەر بەیانی عەشق دەزی ...
ئێوارەی مەعشوق دەزرنگێتەوە ... !!
گەر عیشقیش بە ئازار گۆش بكری
ستەمی ئەم "لاهوتە" بۆ ... ؟
###
ئەی قوربانیە پڕ شەرمەزاریەكەی
سەردەمی مۆدێرنە و مەعریفە ...
ئەی "دوعا"ی پەپولە
"دوعا"ی فریشتە ...
بۆ ناپرسی ...
رۆژێك نەهات ...
ئەو پاشایانەی دەستیان
پڕ لە ئەموستیلەی یاقوت و زوموردە
ئەو عەبا بەشانانەی بۆنی
گوڵاو و میسك و عەتریان
بەلاجانگدا دێتە خواری ...
لەسەر كیسەی خوێنی هەزاران شەهید و
سەدان دەروێش و سۆفی ...
شەوان لە ئامێزی شاجوانەكانی سەردەم
بەدەم .. كێشانی "رۆزمەن" و "خواردنەوەی ویسكی و ڤۆدگا"
خەلوەتی سێكسی ... دەگێرن ... !!
شەو بە رۆژ دەكەنەوە ...
سینگو مەمكە حەریمیەكەی ...
حەلالەكەی خۆیان
دەستەملانی شەوی
تاریكی تەنیایی بی ئەوان و
ئەوانیش دەستەملانی

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

جەستە حەرامکراوەکانی
ناو کتێبە پیرۆزەکانن ... !!
کەچی ڕۆژێك نەهات...
موغێك... کاهینێك... قەشەو مەلایەك...
فتوای سەنگبارانێك بۆ ئەوان...
بەگوێی مێژوودا بدەن... ؟
هەر لە سەردەمی "حامورابی"
تا سەردەمی ڕاسژین...
سوڵتان و خەلیفەکان...
ڕۆژێك نەبوو...
ستەمی "لاهوت"
ڕوبەڕوی ستمەی دەسەڵات ببێتەوە... !!
هەموو ڕۆژی لە ژێر پەردەی شەرەف
دەیان پاکیزە...
دەبنە قوربانی "ستراکتور"
نەریتی بۆگەنیوی باوەڕ...
دەیان پاکیزە تیرۆر سەنگباران دەکرێن... !!
گەردنی ژنانی ئەم سەر زەمینە نەگریسە
دەقرتێن...
هەموو ڕۆژی چەندین "دوعا"
دوای تەجاوەز پێکردن و فتوای "ئەمیر"
پەل پەل دەکرێن... ؟
ڕۆژگاری ڕەشی ئەم بەر بەرستانە تاکەی... ؟
ڕۆژ و مانگ و سەدان ساڵی جەهلە بۆ... ؟
کەی بی... باڵا دەستانی ئەم فتوا جەنگەڵیە
ببنە پاشەڕۆکی زونگاو کرمی
ناو زبڵخانەو "کەرسەکە" پیسایی... ؟

2007/4/30

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.